# دەســـــتوری هەمیشەیی عیراق

## ئەحمەد دەشتی

هەر لەو ساوەی کە گەلی عێراق بە تێکرایی لە ژێر چنگی دکتاتۆرە دڕندەکەی بەغداو ئەو ڕژێمە مرۆکوژە ڕزگاری بووە و تەواوی خەلکی عیراق چاوی بڕیوەتە ڕۆژانی پڕ لە ئارامی و ئسایش و ژیانی بەیەکەوە بوون، هەربۆیەشە کە هەتا ئەمڕۆ گەلی کورد و ڕابەرانی کورد بە تیکڕایی لە پێناوی دامەزراندەنەوەی عێراقێکی فیدرالی و دیموکراتی دا بەوپەڕی دڵسۆزیوە بۆ سازدانەوەی ئەو ڕژیمە دیموکراتیەی کە بتوانێت هەموو هیواو ئاوتەکانی خەلکی عێراق وەدی بێنێت و جارێکی تر کارەساتەکان ڕوو نەدەنەوە ئاسایش و ئارامی باڵی بە سەر خاکی عیراق دا بکیشێتەوە ، بەڵی گەلێ کوردی ساڵها چەوساوەو زۆر لێ کراو لە ناو ماڵی خۆی دا ئەمڕۆ دەیەوێت کە لە پاڵ هەموو خەلکی عیراق بە ئاسودەیی و ئارامی بژێت و بەوپەڕی تواناوە هەولی ساز دانەوەو دروست کردنەوە لە هەموو ڕوییێکەوە داوەو هەموو وزەو هیزێکییان لەو ڕیگەیەدا سەرف کردووەو هیچ کەم تەرخەمیەکیان نەکردووەو هەمیشە دژ بە هەموو گرژیەکان و ناڕەواییەکان بوینەو و تەنانەت لە پێناوی دروست بونەوەی ڕژێمیک دیموکراتی فیدرالی دا کە لەو سایەدا ئارامی و ئاسایش وەدی بێت و هەولێ دلسۆزانەی داوە، هەرچەند کە ڕابەرانی کورد  زۆر جاران لە لایەن گەلێ لە نوسەران و خەلکی کوردەواری گلەیی ئەوەیان لێ کراوە کە خەریک مالی خەلکانی ترن و ماڵی خۆیان لە بیر چوەتەوە،خۆ لە گەل ئەو هەموو هەول و تەقەلاو بیرو بۆچونانەی ڕابەرانی گەلی کوردیش هێشتان دەبینین کە لەملاو ئەولادا گەلێ خەلکانی سیاسەتمەدارو بە ناو براو بەرپرسیارانی عارەبەکانمان دێن و لێمان قیت دەبنەوەوە و دژایەتی گەلی کورد دەکەن و هەرچی کە بە زاریان دادێت بۆ هەست بریندار کردنی گەلی کورد و خەلکی کوردستان هەنگاو داوین ، بە پێجەوانەی رابەرانی کوردەوە ڕەفتار دەکەن و هەموو کارەسات و بەسەر هاتە نالەبارو ڕابوردوەکانی کە

دكتاتۆره ملهوڕەکان و ڕژێمه یەک له دوای یەکەکانی به زۆر داسەپاوی ڕابووردو به سەر عێراق و گەلی کورد دا له یاد خۆیان دەبەنەوەو وا دەزانن که نه با بوەو نه باران،خۆیان به خاوەن هەموو ماف و شتێک دەزانن و ئەمجارەش هەر وەک ڕابووردو بۆیان دەلوێتەوه که دیسانەکه بەرۆکی گەلی کورد بگرنەوەو هەموو خەلکی عیراق به تایبەتی گەلی کورد توش به کارەساتەکانی پڕ له نەهامەتی و مەینەتەکان بکەنەوه و دیسانەکه ئەنفالەکان و بۆردومانی کیمیایی و به کۆمەل زینده به چال کردن و ناڕەواییەکان به سەر گەلی کورد دابسپێننەوه،ئەمرۆ که هەموو دلسۆزانی کوردو عارەب و هەموو کەمه نەتەوایەتیەکان و ئەوانەی که به تەنگ خەلکیَ عێراقەوه دین و دەچن هەولی ژیانی ئاشتی و ئاسایش و بەیەکەوه ژیانیان گرتۆته بەرو به تایبەتی ڕابەرانی کوردستان که لەم ڕیگەوه نەوەستاون و هەموو هەولێکیان بۆ ئەوه تەرخان کردووه که بتوانن هەموو ناکۆکی و برینەکانی رابووردو ساڕیژ بکەن و عێراقێکی فیدرالی دیموکراتی بێننه کایەوه و هەموو گرژی و ناڕەوایی و هۆکارەکانی ڕووداوکانی رابوردو له ناو بەرن و بۆ ئەو مەبەستەش پێیەکیان له بەغدایەو پێیەکیان له کوردستانه،بەلام ئەوەی که جێگەی داخه هەتا ئەمڕۆش زۆربەی هەرەزۆری بەرپرسیارانی عارەب تەنانەت ئەوانەی که هاوپەیمانەتیشیان له لایەن کوردەوه له گەل کراوه وەک پێویست دان به مافەکانی گەلی کورد نانێن و به هەموو هەول و پەیڤ و هاکارەکانیانەوه هەولی ئەوه دەدەن که له ناو دەستووری هەمیشەیی عێراق دا باس و خواستیَ له گەلی کورد نەبێت و ئەو دەستووره هەمیشەییه دان به فیدرالیەتەی که کورد دەیەوێت نەنێت و هەروەها کەرکوکی کوردستانی له یاد بکرێت و مادەی 58جێبەجیَ نەکرێت و ڕۆژی نیه که یەکیَ له بەرپرسیارانی عارەبی ڕژیمی کاتی له سەرۆک وەزیرانەوه هەتا ئەندامانی پەرلەمان و گەلیَ له بەر پرسیارانی تر و کۆلکه مەلاکانی شیعەس هەروەک باری عەتوان و هارون ناوێک و سەعید مەتەرێک بیر دەکەنەوه که له سەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی ئەلقودس و ڕۆژنامەکانی تری عارەبی و له سەر سیماو

تەلەفیزیۆنەکانی عارەبان دا هەرچی بە دەم و پێنوسەکانیان دادی و دژی کوردە زۆر بی ویژدانانەو ناڕەوایانە بلاوی دەکەنەوەو دەری دەبڕن.لەم ڕۆژانەدا یەکێ لە ئەندامانی پەرلەمانی عیراقی بە ناوی بەهائول ئەعرەجی دەدواو دەیگوت کە لە دەستوری هەمیشەیی ئەمجارەدا بە هیچ شێوەیەک باس لە کەرکوک ناکرێت و ئەو گرفتە گرنگە لە دەستوری هەمیشەیی چارەسەر ناکرێت و دوا دەخرێت !!! ئەمەش لە کاتێکدایە کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان هێژا بارزانی لە پەرلەمانی عیراقی دا جەختی لە سەر جێ بەجی کردنی مادەی 58لە بارەی کەرکوکەوە دەکاتەوە،ئەوەی من دەمەوێ بێڵێم ئەوەیە کە هەموو گرفتەکانی تەنانەت هی ڕابوردوش هەر لە سەر شاری کورکوک بووە کە دوژمنانی کورد دانیان پێ نەناوە و ئەمڕۆش دەیانەوێت هەمان بۆچون و ڕەفتارو پەیڤ و نوسینەکانی دژ بە کورد کە سەدامیان بیریان لە دەکردەوە ئەمانەش وردە وردە زیندووی بکەنەوە،کە ئەمەش هیچ خزمەتێک بە گیانی هاوپەیمانەتی و دۆستایەتی کوردو عارەبان ناکات و ئاکامەکەشی دیارە کە بە کوێ دەگات و کە ئەمەش مەبەستی دوژمنانی گەلانی عیراقەو دەیانەوێ کە دیسانەکە کارەساتەکان زیندوو بکەنەوە و خەلکی کوردو هەموو خەلکی عیراق  بە خوێن و تەرم بکێشنەوە . 22.6.2005